# کامیلیا

## و ئاهەنگی قوتابخانە

لە عەرەبییەوە: هەڵکەوت عەبدوڵڵا



زنجیرەی منداڵی سەردەم

٥٧

زنجیرەی کتێبی منداڵی سەردەم (٥٧)
سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
هەڵکەوت عەبدوڵڵا

www.sardem.info

■ **کامیلیا و ئاهەنگی قوتابخانە**

نووسینی: نانسی دیلڤۆ - ئالین دو باتینی
بۆ عەرەبی: ماهیر محیو
بابەت: ئەدەبی منداڵ
وەرگێڕان و دیزاینی: هەڵکەوت عەبدوڵڵا


مافی لەچاپدانی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە ©



چەند ڕۆژێکی تر ئاهەنگی قوتابخانە دەست پێ دەکات،
بۆیە لە پۆلەکەماندا نمایشەکە دووبارە دەکەینەوە.



مەسەلەکە زۆر سەرنجڕاکێش و دڵخۆشکەرە و پێویستە سەما بکەین و گۆرانی بڵێین.
کامیلیاش جلوبەرگی شێوەگۆڕینی خۆی لەبەردایە، کە پێکهاتووە لە تەنوورەیەکی
لە کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ دروستکراو.



کامیلیا لە کاتی گەڕانەوەدا بۆ ماڵەوە بە لەخۆباییبوونەوە بە دایکی وت:
«چەندین جار سەماکەمان دووبارە کردەوە و هەرگیز هەڵەم نەکرد!!»
دایکی وتی: «بە ڕاستی مایەی سەرسامییە. بە شەوقەوە چاوەڕوانی ڕۆژی شەممەم، تا بێم بۆ ئاهەنگەکە و بتبینم چی دەکەیت.»



کامیلیا وتی: «خەمت نەبێت، هەموو شتێک باش دەبێت.»



دایکی وتی: «بێگومان، من دڵنیام گشت دایک و باوکەکان بەپەرۆشن بۆ ئەم ئاهەنگە.»
کامیلیا بە سەرسوڕماوییەوە وتی: «هەموو دایک و باوکەکان ئامادە دەبن؟!»
دایکی وتی: «بەڵی ئەوان و کەسوکاری گشت قوتابییەکان ئامادە دەبن.»
کامیلیا وتی: «تەنانەت کەسوکاری منداڵە گەورەکانیش؟»
دایکی وتی: «بەڵێ، چونکە ئاهەنگی گشت قوتابییەکانە.»


کامیلیا لەگەڵ ورچە لە ژوورەکەی خۆی دانیشتبوون. ئەو بە ورچەی وت:
«دەزانی من پێم وابوو تەنیا دایک و باوکی من و سۆزان و سارا و سروە ئامادە دەبن...»
ورچە وەڵامی نەدایەوە، بەڵام تێڕوانینی خۆی هەبوو.



ڕۆژی ئاهەنگەکە هات و گشت قوتابییەکانی قوتابخانە، لە بچووکترینەوە بۆ گەورەترین،
بە جلوبەرگی شێوەگۆڕینەوە ئامادەب وون. هەندێکیان بە جلوبەرگی بووکەوە و
هەندێکی تر بە جلوبەرگی چەتەی دەریاوە و ئەوانیتریش بە جلوبەرگی ئاژەڵانەوە.



سەرەتا پێویست بوو کۆمەڵەی شین دەست پێ بکات و دواتر نۆبەی کۆمەڵەی زەرد دێت. دواتریش کۆمەڵەکەی کامیلیا (کۆمەڵەی سەوز) دەست پێ دەکات.
هەمووان دڵخۆشن، کچان بە تەنورەکانیانەوە دەخولێنەوە و کوڕانیش یاریی بە کڵاوە کارتۆنییەکانیان دەکەن.






کامیلیا لە سوچێکی پشت پەردەکەوە گۆشەگیر ڕاوەستا بوو، دڵی بەپەلە لێی دەدا و قوڕگی گرژ بووبوو. پاش ماوەیەک بینیی هەموو کورسییەکانی هۆڵەکە پڕبوونەتەوە و کەسوکاری قوتابیان دانیشتوون، هەروەها دایک و باوکی خۆی بینی.

ماموٚستاکه له کامیلیای پرسی:
– کامیلیا ئێستا دێیت؟
کامیلیا وتی: «نا، ناتوانم.»
ماموٚستاکه: «چی ڕووی داوه؟»
کامیلیا: «زوٚر دەترسم،
خەڵکێکی زوٚر لەوێن.»

ماموٚستاکه: «من له
ترسەکەت تێ دەگەم، نیگەران
مەبە، ئەوانە هاتوون بوٚ
ئەوەی چەپڵەتان بوٚ لێدەن.»
کامیلیا: «دڵنیام که هەڵه
دەکەم و پێم پێ دەکەنن.»



مامۆستاکە: «هەموو نمایشەکانمان دووبارەکردەوە و هیچ هەڵەیەکت نەکرد. بۆیە دڵنیام کە سەرکەوتوو دەبێت. خۆ ئەگەر شتێکیشت لەبیرچوو کێشە نییە، چونکە هەموومان مافی ئەوەمان هەیە هەڵە بکەین»



کامیلیا ئاهێکی پیادا هاتەوە و کاتێک لە پۆلەکەدا و پێش چوونە سەر شانۆ
دەستی سارا و سەرکەوتی گرتبوو، هەستی بەوە کرد دڵۆپێک فرمێسک
بە چاوەکانیدا دێتە خوارەوە و بە دوایدا فرمێسک جۆگەلەی بەست.





مامۆستاکەی ورچەی بۆ هێنا و وتی: «بزانە کێ هاتووە بۆ یارمەتیدانت؟
ئەو لەناو جانتاکەتدا بوو و دڵنیام بۆیە لەوێ خۆی شاردۆتەوە،
تا دڵنیاییت پێ ببەخشێت و یارمەتیت بدات. چی دەڵێی؟»
کامیلیا بە بینینی ورچە دڵخۆش بوو و لە باوەشی گرت،
ئینجا دەستی هاوڕێکانی گرت و بەرەو سەر شانۆکە ڕۆیشتن.



مۆسیقا دەستی پێ کرد و هەمووان کەوتنە سەماکردن و دەستیان کرد بە گۆرانی وتن.
لە کۆتاییدا هەموو کەسوکاری قوتابیان چەپڵەی توندیان بۆ لێدان و
قیژە و هەراوهوریا هۆڵەکەی داپۆشی!



کامیلیا شانازیی بەخۆیەوە کرد، چونکە کارەکەی خۆی بە باشی ئەنجام داو جگە لە یەک دوو هەڵەی بچووک هیچ هەڵەیەکی تری نەکرد، ئەوەش وەک مامۆستاکەی پێی وت شتێکی ئاساییە.



مامۆستاکە بە کامیلیای وت: «بینیت چەند جوان نمایشەکەت پێشکەش کرد!»
کامیلیا وتی: «بەڵێ ورچەش باش سەمای کرد،
ئەگەرچی لە کاتی مەشقکردندا ئامادە نەبوو».

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

Sardam Printing & Publishing House